## ڕاگەیاندنی کۆمەڵە سەبارەت بە دوایین موشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی




کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٦ ی پووشپەڕی ی ١٤٠٥هەتاوی ، ١٧ی جولای ٢٠٢٦ی زایینی، کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر بارەگا و مەقەڕەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. لە دەرئەنجامی هێرشێکی قورس و چڕی موشەکی بۆ سەر چەندین بارەگا و ئوردوگای دەوروبەری زرگوێزەڵە لە کاتژمێر ٦ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بەداخەوە ٩ پێشمەرگەی کۆمەڵە بە ناوەکانی فەرهاد قەمەری خەڵکی دیواندەرە، سروش نەسری خەڵکی مەریوان،سینا سەفەری خەڵکی شاباد، یاسین کیانپور خەڵکی شازەند،ئەحمەد مەحموودی خەڵکی بانە،ڕەزا سادقی خەڵکی بۆکان،کەسرا ڕەحمانەژاد خەڵکی بۆکان،سیاوان نیکی خا خەڵکی بۆکان، زەکەریا فەقێ حەسەن ئاقا خەڵکی بۆکان،گیانی ئازیزی خۆیان بەخت کرد.

ئەمە یەکەم جار نییە کە کۆماری ئیسلامی بە هێرشی تێرۆریستی و ترسنۆکانەی لەو جۆرەوە هێرش دەکات و هەر لە دەستپێکی شەری ٣٩ ڕۆژەوە تائێستا نزیکەی ٤٠ جار و بە زیاتر لە سەدان درۆن و موشەک هێرشی کردووەتە سەر بارەگاکانی کۆمەڵە و لەو ڕێگەوە ویستوویەتی ورەی گەلمان بڕووخێنێ و هەنگاومان سست بکات، بەڵام ئەوەی سەرشۆڕ و داڕماو و دۆڕاوە هەر کۆماری ئیسلامییە و بە دڵنیاییەوە ئەو ڕژیمە تاوانبارە دوا پەلەقاژەکانی مەرگیەتی و دوور نییە ئەو ڕۆژەی تۆڵەی هەموو تاوانەکانی لێدەسێندرێتەوە .کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لە گەڵ هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان ، هەروەها بنەماڵەی سەربەرزی نوێترین گیانبەختکردووانی ڕێگەی رزگاری و ئازادی، سەرجەم خەڵکی کوردستان کە دڵیان لە گەڵ دڵی پێشمەرگە لێدەدات و بە تایبەت خەڵکی قارەمانی شارەکانی دیواندەرە، شاباد، مەریوان، شازەند، بانە وبەتایبەت شاری بۆکان کە چوار ئەستێرەی گەشی پێشکەشی کاروانی سەربەرزی شەهیدان کرد دەکەین. هەروەها ڕایدەگەیێنین کە خوێنی گەشی ئەو هاوڕێیانە، ئەو نوێترین شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کە ئاواتیان بینینی کوردستانی ئازاد و ئاوەدان بوو بەفیڕۆ ناچێ، بەڵکوو دەبێتە هەوێنی شۆڕشی گەرم و گوڕتری گەلەکەمان و سورترمان دەکات لە درێژەی خەباتمان بە دژی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆر و ترۆریستە .

سەرکەوێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد

بڕووخێ کۆماری ئیسلامی ئێران

سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

٢٦ی پوشپەری ١٤٠٥

١٧ی جولای ٢٠٢٦